# جێگەی ژنان ڵازپەشخانەیە؟

بەختیار کەریم

هیچ ئایدۆلۆجیایەک ئەوەندەی ناشیونالیزم سەرکەوتوانە ژنی بۆ کۆتاییە سیاسییەکانی خۆی بەکارنەهێناوە، دەشێت ئەمە دەرئەنجامی ئەو ڕاستییە بێت کە ناشیونالیزم تا ئەم ساتەوەختەش ئامادەگیەکی سەنگینی هەیە لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگاکان و لە پانتایی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. بە واتایەکی تر، وەک مایکڵ مان "دەڵێت ناشیونالیزم لە ئێستادا ئایدۆلۆجیای باڵادەستی جیهانە" (Mann, 2004: 73). ئەمە بەو واتایە نییە کە ئایدۆلۆجیاکانی دیکەی وەک ئیسلام و کۆمیونیزم ژنیان نەخزاندۆتە نێو پرۆژەکانی خۆیانەوە، بەڵکو بەو واتایایە کە هیچ کام لەوانە نەیانتوانییوە ژن سەرکەوتوانە بەکاربهێنن. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە با سەرنج لە دەقێکی کلاسیک بدەین لەسەر بەکارهێنانە ماددی و مەعنەویەکانی ژن لەلایەن ناشیونالیزمەوە، دەقی تۆپەڵەکەرە (Butterball)ی گی دی مۆپاسان. مۆپاسان لەم چیرۆکەدا باسی ژنێکی سۆزانیمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم ژنە کورتەبنە ئێجگار قەڵەوە (هەر بۆیە مۆپاسان ناوی پاڵەوانی چیرۆکەکەی و ناونیشانی چیرۆکەکەی ناوە تۆپەڵەکەرە) لە سەردەمی جەنگی فەڕەنسیەکان و پروسیەکاندا (ئەڵمانی ئێستا)  لە کارکردن دەوەستێت و وەک هەڵوێستێکی نیشتیمان پەروەری ئامادەنیە سێکس لەگەڵ سەربازە ئەڵمانەکاندا بکات. ئەم مانگرتنەی تۆپەڵەکەرە ناچار بە بەجێهێشتنی شارەکەی خۆیی دەکات، لەگەڵ کۆمەڵێک بازرگان و خاوەن کارگە و پیاو و ژنی چینی بەرز سەفەر بەرەو شارێک دەکەن کە هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی فەڕەنسیەکاندایە. بەڵام لە یەکێک لەو شارانەی کە لادەدەن بۆ پشودان، ئەفسەرێکی ئەڵمانی دەیەوێت سێکس لەگەڵ تۆپەڵەکەرە بکات، وەلێ ئەو ڕازی نابێت. لێرەوە ئەفسەرەکە بە مۆڵەتنەدانی موسافیرەکان تا درێژە بەسەفەرەکەیان بدەن سزای تۆپەڵەکەرە و هاوسەفەرەکانی دەدا. دواجار هاوسەفەرەکانی ڕازی یان ناچاری دەکەن کە خۆی دەرخواردی شەهوەتەکانی ئەفسەرەکە بدات و هەموان لە بنبەست قوتار بکات. پاش ئەوەی مۆڵەت وەردەگرن بۆ درێژەدان بە سەفەرەکەیان کەس چیتر وشەیەک لەگەڵ تۆپەڵەکەرە ناگۆڕێتەوە کە هەمان ڕۆژ ڕزگاریکردن. ئەم چیرۆکەی مۆپاسان باس لە سەردەمێک دەکات کە ناشیونالیزم وەک ئایدۆلۆجیا و وەک دۆکترینێکی سیاسی لە قۆناغی فراژان و لە دایکبوونی خۆیدا بوو، هاوکات ئەو پیاو و ژنانەی کە تۆپەڵەکەرە بەکاردەهێنن لەو چینەن کە "نەتەوە"ی فەڕەنسی بە تێگەشتنە مۆدێرنەکەی بەرهەمدەهێنن. مۆپاسان لەم چیرۆکە و لە چەندینی دیکەدا باس لە بەقوربانی کردنی ژن لەلایەن ناشیونالیزم لە ڕۆژەکانی سەرەتای لە دایکبوونیدا دەکات، بەڵام ئەوەی سەرسامامان دەکات وێرای ئەم بەقوربانی بوونەی ژنان لە زۆر کات و شوێندا ژنان زۆر نیشتیمان پەروەرترن، دەشێت ئەمە لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەدا دروست بێت کە وەک فەڕەنسای ئەوکات داگیرکراون. نمونەیەکی دیکەی ئەم بەکارهێنانەی ناشیونالیزم لە چیرۆکەکانی مۆپاساندا چیرۆکی (قەرەوێڵەی 29)ەیە کە هەندێک لە ژنەکان لەپاش ئەوەی لە ئەنجامی لاقەکردنەوە لەلایەن سەربازە پروسیەکانەوە تووشی "نیومۆنیا" دەبن، وەک تۆڵەکردنەوە بەمەبەست لەگەڵ سەربازە پروسیەکاندا دەخەون تا زۆرترین ژمارە تووش بکەن. بەڵام پاشان لەلایەن کۆمەڵگا و هاوسەر و خۆشەویستەکانیانەوە پشتگوێ دەخرێن و بگرە سووک سەیردەکرێن. جێرمەین گرییەر (Germaine Greer) یەکێک لە فێمینیستە ناسراوەکانی

بەریتانیا (ئەگەرچی خۆی ئوستورالییە) خوێندنەوەیەکی جوان بۆ ئەم چیرۆکەی مۆپاسان دەکات. گریێەر دەڵێت مۆپاسان لە سەرەتادا تۆپەڵەکەرە وەک ئۆبجێکتی بەرخۆریی نمایش دەکات، وەک ژنێکی قەڵەو کە خواردنی خۆش دەرخواردی هاوسەفەرە برسییەکانی دەدات چونکە جگە لە تۆپەڵەکەرە کەسیان خواردنیان نەهێناوە. وەلی لە کۆتاییدا ئەوان پاداشتی تۆپەڵەکەرە بەوە دەدەنەوە کە دەرخواردی ئەفسەرە ئەڵمانییەکەی دەکەن و لە ژێر قورسایی هەستکردن بە شەرمدا پشتگوێی دەخەن. گومانی تێدا نییە کە ئەم چیرۆکەی مۆپاسان زۆر لەوە پتر هەڵدەگرێت کە لێرەدا لایەنێکیمان بەسەرکردەوە، بەڵام بۆ ئەوەی سەرسامی خونیەر لەسەر ناونیشانی ئەم بابەتە بڕەوێتەوە باسی ژنێکی ناسراو دەکەین پاشان بابەتەکە دەبەستینەوە بە ژنەوە بەگشتی لە کۆمەڵگای کوردیدا.

ناونیشانی ئەم بابەتە گووتەی ژنێکە کە هەندێک جار ژنانی فێمینیست وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار ئاماژەی پێدەدەن. مارگرێت تاتچەر، ئەو ژنەی کە بۆ ماوەی نۆ لە درێژترین و تاریکترین ساڵەکانی مێژووی بریتانیا سەرۆک وەزیران بوو. تاتچەر وەک سەرۆکی پارتی پارێزگاران سێ هەڵبژاردنی یەک لە دوای یەکی بردەوە، بەڵام دواجار لەساڵی 1990 دا ناچارکرا دەست لەکار بکێشێتەوە، وەک بریتانیەکان دەڵێن بڕوات و هاتنەوەی نەبێت. تاتچەر لەسەرەتادا وەک موژدەیەک بۆ قۆناغێکی نوێ لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنانەوە ناسێنرا، وەلێ تاتچەر زیاتر لە سەندیکاکانی کرێکاران کە دوژمنی سەرسەختی بوون دژایەتی ژنانی کرد. کاتێکیش ووتی 'جێگەی ژنان ئازپەشخانەیە' ئەو فێمینیستە خۆشخەیاڵانەی ساڵانی حوکمی تاتچەریان وەک قۆناغێکی پرشنگدار بۆ مافەکانی ژنان لەقەڵەم دەدا، تێگەیشتن کە تاتچەر ئەگەرچی ژنە بەڵام لە پیاوان سەرسەختانەتر پارێزگاری لە سیستەمی چەقبەستوی پیاوسالاری دەکات. تاتچەر تا ئەم ساتەوەختەش لە بەریتانیا ئایکۆنێکە بۆ کینە و ڕقی زۆربەی بریتانیەکان. تاتچەر تارماییەکی سیاسی ڕەش و سەنگین بوو لەسەر جەستەی ئەم کۆمەڵگایە، کاریگەریی سیاسەتەکانی تاتچەر کە دژ بە زۆرینەی دانیشتوان و لە خزمەتی کۆمپانیا گەورەکاندا بوون، تا هەنووکەش بەردەوامە، هەر ئەم بەردەوامیی تارماییەی تاتچەر بوو وای لە هاووڵاتیەکی بریتانی کرد پاش سیانزە ساڵ لە ئاوابوونی ئەستێرەی تەڵخی تاتچەر بە پەڕاندنی سەری پەیکەرەکەی تۆڵە بکاتەوە.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام و ئەم ژنە دوژمن بە ژنەی یاد هێنامەوە گۆشەی 'کابان'ی ڕۆژنامەی خەبات بوو کە "ڕووخۆش موعتەسەم"[1] دەینووسێت. فێربوونی چێشت لێنان شتێکی سەیر نیە و زۆر ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکەش هەیە کە گرنگی بەو بوارە دەدەن. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە لەکاتێکدا کە ڕۆژنامەی خەبات بانگەشەی دیموکراسی و یەکسانی دەکات ئەم گۆشەیەی خستۆتە لاپەڕەیەکەوە کە تایبەتە بە 'ئافرەت' نەک هەر لاپەڕەیەکی ئاسایی، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو وێنەی ژنێکی داناوە کە بەرگی کوردی پۆشیوە و بە کەوگیرێک سەرقاڵی تێکردنی خواردنە (لەوانەیە بۆ مێردە ڕۆژنامەنووسە سەرقاڵەکەی کە بەشەکەتی لە کار گەڕاوەتەوە). ئەمە درێژکراوەی هەمان پرۆسەی خانماندنی ژنە کە لە ڕیکلامی تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان و کوردستادا بەرچاومان دەکەون. من لێدەگەڕێم خوێنەر لەپاش بینینی لاپەڕەی

---

[1] بۆ لاپەڕەی تایبەت بە ئافرەتان لە ڕۆژنامەی خەبات بڕوانە: http://www.xebat.net/Arc/Xebat/22-2-2006/x10.pdf

ئافرەتانی ڕۆژنامەی خەبات وەڵامی ئەو پرسیارەی من بداتەوە ئایا ئەمە پەیامی ڕۆژنامەی خەبات نیە بۆ ئەوەی کە "جێگەی ژنان ئازپەشخانەیە"؟

بیسمارک دەڵێت "پرینسیپ وەک کەوش وایە، تا پێویستمان پێی بێت لەپێی دەکەین کە پێویستمان پێی نەما تووڕی هەڵدەدەین". دەشێت ئەم گووتەزایەی بیسمارک جێگەی قبووڵ کردن نەبێت، وەلێ هەدنێک ڕووداوی بێبەها ڕاستییەکەی دەسەلمێنن. ژنی کارا و داکۆکیکار لە ساتەوەختی کەوی بوونی و خۆدانی بە دەست حیزبەوە، نەک هەر دەنگی دەنووسێت و ئەو پرینسپانەی کە ڕۆژانێک کردوونی بە "کۆڵەکە و باوەڕی خۆی لەسەریان بنیاتناوە و ڕوانینی خۆی پێیان بەهرەمەند دەکات" وەک کەوش دەکاتە پێی، بەڵکو دەبێتە داکۆکیکار لەو نادادوەریانەی کە دژی مرۆڤ دەکرێن و دەبێتە بەشێک لەو دەزگای سەرکوتەی دەسەڵات بۆ مانەوەی خۆی دەیخاتەگەڕ. "ژن موقەدەسە" ووتەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە دیدارێکیدا لەگەڵ 'مەهاباد قەرەداغی' دەربیڕی. وێڕای سەرنجڕاکێشی ئەم گووتەیە و ئەو ڕووداوانەی بەدوای ئەم ووتەیەدا هاتن– مەبەستم کەوی بوونی 'مەهەباد قەرەداغی' و فڕێدانی ئەو پرینسپانەیە کە ڕۆژگارێک لافی پێیانەوە لێدەدا– دەکرێت قووڵتر لە واتاکانی موقەدەس بوونی ژن بڕوانین. موقەدەس هەردەم خاوەنی هەیە، کەسێک یان کۆمەڵێک خاوەندارێتی بابەتی موقەدەس ڕادەگەیەنن و هەر دەستدرێژیکردن، سوکایەتی پێکردن و لەکەدارکردنێکی موقەدەس ڕەتدەکەنەوە، بگرە لە دژی ئەوانە دەجەنگێن کە شتێکی ناشیاو لەسەر موقەدەس دەڵێن. ئەوە قودسیەتی پیغەمبەرە وا لە ئیسلامیەکی توندڕەو دەکات بە خۆی ڕەوا ببینێت سەری مرۆڤێکی تر ببڕێت، ئەوە موقەدەسیی ئایین و نزرگەکانە شوێنکەوتەکانی ئەو ئایینە وا لێدەکات هاوکات خۆیان بە خاوەن و پارێزەری بزانن. پاشان لەپشت هەموو موقەدەسێکەوە تۆ پێویستت بە ئۆردیەک سەرباز، چەقۆکێش، پۆلیس، ستوونووس، ڕۆژنامەوان، ماڵپەڕ و جنێوفرۆش هەیە، تا ڕێگە لە ئەتکردنی موقەدەس بگیرێت. موقەدەس دەبێت بەهەر نرخێک بووە پاک ڕابگیرێت، ئەو گەرد و گومانانەی دەنیشنە سەری بەهەر وزەیەک بووە بتەکێنرێن، تا ئەندازەیەکی زۆر موقەدەس و پاکیزە دوو دیوی دراوێکن، موقەدەس نە هەڵە دەکات و نە گوناە، بێگومان ئەو ژنەی "هەڵە" (بە واتا کۆمەڵایەتییەکەی) دەکات لە موقەدەس بوونی بەتاڵ دەبێتەوە و کوشتنی وەک لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا باوە ئاساییە. بەڵام موقەدەس تا ئەو جێگایەی ڕێز لەو سەرچاوەیە دەگرێت کە ئەو پلەیەی پێبەخشیوە موقەدەسیی خۆی دەستەبەردەکات و ناکرێت گومان لەوە بکەین. ئەوەی گومان بکات دەبێت یەکلایی بکرێتەوە، بە هەمان شێوازی یەکلاکردنەوەی ئیسلامی سیاسیی بۆ ئەو نەیارانەی گومان لە قودسیەت و پاکیزەیی موحەمەدی پەیامبەری ئیسلام دەکەن. بە واتایەکی تر ئافرەت موقەدەسە چونکە موڵکی 'ئێمەی' پیاوە، پاکیزە ڕاگرتنی ئەو موقەدەسە ئەرکمانە. دەشێت بە بۆچوونی ڕۆژنامەی خەبات و بەڕێوەبەرانی باشتیرن ڕێگا بۆ پاراستنی ئەم موقەدەسە لە گەرد گرتن، لە ئازپەشخانە ترنجاندنی بێت و کەوگیرێکی درێژی بدرێتە دەست و بە چێشت لێنانەوە سەرقاڵ بکرێت.

قەیران و بەدبەختیەکە قوڵتردەبێتەوە ئەگەر سەرنج لە پرۆژەی سیاسیەکانی کورد بدەین، چونکە دەبینین ژن (تەنانەت وەک بوونەوەرێکی کەمتر لە پیاو) ئامادەگی لە گوتاری سیاسی کوردیدا نیە، بەڵکو تەنها وەک موڵکی پیاو تەماشادەکرێت و هەرچیەکیشی بۆ بکرێت ئەوا بەخشندەیی پیاوە، چونکە دواجار لەو گوتارە سیاسیەدا بڕیارنیە ژن و پیاو یەکسان بن، بەواتەیەکی دی ژنان نازیان هەیە نەک ماف. هەڵەین گەر پێمان وابێت حیزبی کوردی ئاوڕی لە

ژن نەداوەتەوە، تەواو بەپێچەوانەوە ژنیش هاوکات لەگەڵ پیاودا لەلایەن حیزبەوە دەکرێت بەدراوێکی سپی سیاسیی بۆ ڕۆژگارێک کە حیزب پێویستی دەبێت. ژنیش وەک هەر (شتێک)ی تری زیندوو یان مردوو حیزب بۆ کۆتاییە سیاسیەکانی خۆی بەکاریان دەبات. بەڵام لە کۆتایدا ئەم بەکارهێنانە سیاسیەی حیزب بۆ شۆڕەژن، ژنەپێشمەرگە، پێشمەرگەی ژن، ژنەشەهید و ژنەئەنفال (لەم دواییانەشدا ژنەنووسەر) لە سوودی کەس نیە خودی حیزب نەبێت. لێرەدا ناشیونالیزمی کوردی وەک هەر ناشیونالیزمێکی تر ژنی سەرکەوتوانە بەکارهێناوە، بێگومان دەشێت هەندێک ژن ئەم بەکارهێنانەیان پێ ئاسایی بێت، بەڵام ئەو بەکارهێنانە و ئاماژەپێدانە بە ژنان و موقەدەسییان لە بڕوابوون بە یەکسانی ژن و پیاوەوە سەرچاوەی نەگرتوە هەروەکو چۆن بەکرێگتنی ژنێک بۆ ئەوەی ببێتە ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران لە گرنگیدان بە ژنەوە سەرچاوەی نەگرتوە بەڵکو لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە ژن دەتوانێت خزمەتێکی گەورە بە ناشیونالیزمی کوردی بکات، لە هەمووشی گرنگتر ئەم ناشیونالیزمە سەرکەوتوانە توانیویەتی ژن دابەزێنێت بۆ مەقامی توێژێک یان چینێک لە کۆمەڵگا لە کاتێکدا دەبێت ژن خاوەنی کۆمەڵگا بێت، بەو واتایەی توانای بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسی و بڕیاردانا هەبێت. هەر لە سۆنگەی ئەم دابەزاندنەی ژنەوەیە بۆ ئاستی توێژێکی کۆمەڵایەتیی وەک مامۆستایان، جوتیاران، قوتابیان و هتد...هەشتی مارس دەکرێتە ڕۆژێکی گرنگ و یادی دەکرێتەوە. لە هەمووی سامناکتر ژنان خۆیان بەم یادکرنەوە ساختەیە ڕازین کە زیاتر بەکارهێنانیان ئاسان دەکات، زۆرێک لەو ژنانەی ناو حیزبەکان بە دەرکردنی گۆڤارێک کە تەنها ناوی گۆڤار بێت یان بە گرتنی کۆنفرانسێک کە تەنها ناوی کۆنفرانس بێت وا دەزانن کێشەی ژنان کۆتایی پێدێت. لەیەکچونێکی زۆر هەیە لە نێوان ڕۆشنبیری حیزبی و فێمینیستی حیزبیدا کە لێرەدا دەرفەت نیە باس بکرێت. لەجیاتی ئەوە نمونەی گۆڕانێکی قووڵ لە کاراکتەر و کردار و گوتاری ژنێکدا بەکورتی بەسەر دەکینەوە، سەیر لەوەدایە گۆڕانی ئەوها قووڵ بەسەرماندا تێپەڕدەبێت و کەس تێڕامانی لەسەر ناکات، ئەوەی لەسەریان دەگوترێت تەنها یەکلاکردنەوەی کێشەی تاکەکەسییە نەک خوێندنەوە بۆ دیاردەیەک کە دەشێت وەک ناقۆڵا لێیبڕوانرێت.

با پێکەوە ئەم چەند دێڕەی مەهاباد قەرەداغی بخوێنینەوە، بێگومان بەر لەوەی ئەم خانمە ببێتە ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان/هەولێر ئەم دێڕانەی نووسیوە، گوومانم هەیە کە چیتر بڕوای پێیان مابێت، سەرسام نابم ئەگەر وەک بیسمارک دەڵێت ئەو پریسیپانەی وەک کەوشی کۆن فڕێدابێتە دەریای (ئۆستەرخۆن)ەوە لە سوێد. بۆنا خۆ چیتر کاری پێیان نەماوە.

> "کاتێک لە هەر کوێ و لە هەر کەس و لایەنێکەوە نارەواییەک یان سووکایەتی ببینم، ببیستم یان هەست پێ بکەم کە بەرامبەر بەمرۆڤ و ئازادی مرۆڤ بەگشتی و بەرامبەر بە ژن و ئازادی ژن بە تایبەتی دەکرێت، جا ئەو کەسە پیاو بێت یان ژن، ئەو لایەنە کورد بێت یان ناکورد، ئەو حیزبە چەپ بێت یان ڕاست، نە دەتوانم لێی بێدەنگ بم و، نەش پێم ڕەوایە لە کاتی دەنگکردندا هەڵاواردن بکەم و، چاوپۆشی لە هەڵە و هەڵوێستی کەسێک، لایەنێک یان دیاردەیەک بکەم و، ئەوانی دی زەق بکەمەوە. ئەم پرینسیپە بۆ خۆم ڕوونەو،

ئەگەر بێلایەنانەش دەربڕینەکانم هەڵبسەنگێندرێت بۆ بەرامبەریش هەمان ڕوونی هەیە،"[2]

من لێدەگەڕێم خوێنەر دادوەری لەسەر ئەم دێڕانە لەژێر ڕۆشنایی هەڵوێستی هەنووکەی مەهاباد قەرەداغیدا بکات. بەڵام ڕەوایە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشم کە مەهاباد قەرەداغی ڕەوانبێژیی زمانەوانی خۆشی گۆڕیوە، چیتر 'ژن' لە ووتە و نووسینەکانی ئەودا بۆتە 'ئافرەت'، ئەمەش بەشێکە لە حیزباندنی ئەو خانمە. لای خوێنەری کورد ئاشکرایە کە پارتی ڕێگە نادات 'ژن' بەکاربێت، وەکی دیش یەکێتی ڕێگەنادات 'ئافرەت' بەکاربێت. با بپرسین ئایا ئەمە نیشانەی پاشکۆیی و پەراوێزی زۆربەی چالاکانی بزوتنەوەی ژنان و ئافرەتانی کورد نیە؟ لەکاتێکدا کە دەبوایە ئەم ژنانە ئەو دوو حیزبەیان ناچار بکردایە کە هەردوو وشەی ژن و ئافرەت قبوڵ بکەن کە نیشانەی دەوڵەمەندی زمانی کوردیە، بەڵام لە جیاتی ئەوە حیزب چیان پێبڵێ ئەوە دەکەن ئەم گوێ لە مشتییە تا ئەندازەی هەڵبژاردنی وشە و شێوازی نووسینیش ڕۆیشتوە دیاردەیەک کە وێنەی نیە. دڵنیام کاتێک ئەم نەوەیەی ئێستا توانا یان بوێری ئەوەی نییە ئەم پاشکۆیانە ڕیسوابکات نەوەیەک دێت و وەک پێویست سەرکۆنەیان دەکات. دیاردەیەکی دیکەی سەرنجڕاکێش لە زۆرێک لە نووسینەکانی مەهاباد قەراداغیدا ئاماژەدانە بە وینستون چێرچڵی سەرۆک وەزیرانی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی بریتانی، نەک هەر ئەوەندە مەهاباد قەرەداغی وەک ئەوەی بەسەر گەنجینەی گەورەترین فەیلەسوفی جیهاندا کەوتبێت لە چەندین جێگادا دێڕی چێرچڵ لە بایۆگرافیەکەی وەردەگرێت و دەنووسێتەوە. بێگومان ئەگەر لە زۆرێک لە خوێنەران بپرسرێت کێ یەکەم کەس بوو کە کوردی گازباران کرد؟ وەڵام یان سەدام یان عەلی کیمیاوی دەبێت. بەڵام وەڵامە ڕاستەکە حەزرەتی وینستون چێرچڵە نەک سەدام یان عەلی پسمامی. وا پێدەچێت چێرچڵ لە شەرما ئاماژەی بەو فەرمانەی نەدابێت کە بۆ یەکەم جار کوردی گازباران کرد، هاوکاتیش مەهاباد قەرەداغی ئەو چاپتەرە ڕەشەی لە مێژووی کورد نەخوێندبێتەوە.

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێت کە لەم ساڵانەی دواییدا شتێک بەناوی فێمینیزمی کوردیەوە سەریهەڵدا کە لەباشترین حاڵەتدا جگە لە هەڵچوونی دەروونی کۆمەڵێک نووسەر هیچی دیکە نییە. زۆربەی ئەو دەقانەی کە من خوێندومەتەوە جگە لە شێواندنی کۆی بوارەکە هیچی دیکە نیە دەشێت مەبەستی سەرەکی لە پشتی زۆربەی نووسینەکانەوە بەدەستهێنانی مەقام و پێگە بووبێت وەک لە هەر شتێکی دیکە کە هەندێکیش سەرکەوتوانە ئەمەیان کرد. ئەم بۆچوونەی من لە کاتێکدایە کە من نە شارەزای ئەو بوارەم و نە خوێنەرێکی بەسەلیقەم و هەست بەو هەژارییە دەکەم دەبێت کەسێک کە شارەزا و تایبەتمەند بێت ڕای چی بێت؟

## سەرچاوەکان

---

[2] مەهاباد قەرەداغی، سەبارەت بە هزر و ڕەخنە و تێڕوانینی من، 2003/12/18، http://www.dengekan.com/03-12-mahabad-sabarat-25.pdf

Mann, Michael, (2004), The First Failed Empire of the Twenty–First Century, in Held, David, and Koenig–Archibugi, Mathias, American Power in the Twenty–First Century, Cambridge: Polity. Pp.52–82.

Maupassant, Guy De, (2003), Butterball, London: Hesperus Press Ltd.
جێرمەین گرییەر پێشەکی بۆ ئەم چاپەی کومەڵە چیرۆکی "تۆپەڵەکەرە"ی مۆپاسان نووسیوە.

2006/03/05
ئۆکسفۆرد/ ئینگلاند